## عوسمان ئۆجەلان:

# زۆر سەیرە هەموو دایك و باوكێك دەخوازێت منداڵەكانی وەك خۆی بێت كەچی باوكی ئێمە دەیوست وەك ئەو نەبین



گفتوگۆکردن و ئه نجامدانی دیمانه‌ی رۆژنامه‌نووسی له‌گه‌ڵ ئۆجه‌لانی بچووك( عوسمان ئۆجه‌لان )، هه‌ڵدانه‌وه‌ی مێژووی سی ساڵه‌ی خه‌باتی ئه‌و که‌سه‌و په‌که‌که‌و بنه‌ماڵه‌که‌یه‌تی، تا پرسیاری لێبکه‌یت وه‌ڵامی لێ ته‌واو نابێت، عوسمان ئۆجه‌لان که‌سێکی زۆر کراوه‌و رووخۆشه، پێشوازیه‌کی گه‌رمی لێکردم، هه‌ر له‌ماڵه‌که‌یدا که چوومه ژووری پێشوازی وێنه‌ی به‌رێز مام جه‌لالی هه‌ڵواسیبووو وه‌ك سه‌رۆك کۆمار عێراق و هه‌ڤاڵێکی ئه‌و له‌به‌رامبه‌ر وێنه‌کدا وه‌ك نه‌ریت داده‌نیشێت، له پرسیاری رۆژنامه‌نووسان ناترسێت و پرسیاری جۆراوجۆری لێبکه‌یت و تایبه‌ت بۆ ئه‌و جیاوازی نییه، له‌هه‌مان کاتیشدا به‌زاراوه‌یه‌کی تێکه‌ڵ له سۆران و کرمانجی سه‌روو به‌ره‌وانی وه‌ڵامی پرسیاره‌کانی گۆڤاری کوێستانی ده‌دایه‌وه..

**دیمانه: محه‌مه‌د گه‌لاڵه‌یی**

*** با لەنازناوی بنەماڵەکەتان کە(ئۆجەلان)ە دستپێبکەین، هەروەها خەڵکی کام گوندو شاری باکوری کوردستانن؟**

عوسمان ئۆجەلان: نازناوی بنەماڵەکەمان لە دوژمنایەتیکردنی تورکانەوە سەرچاوەی گرتووە، کاتێ بەگەکانی تورك غەدرییان لێکردووین و باپیری ئێمەش تۆڵەی خۆی کردۆتەوە،بۆیە نازناوی(ئۆجێ)یان لێناوین، واتا بەکوردی(تۆڵە)ودواتر پاشناوی (ئالان) واتا(ستاندن) کە نازناوەکە مانای (تۆڵەستاندنە)و ئێمەش تۆڵەی خۆمان لە تورکان ستاند کە ئەمڕۆ دەیبینن، لەگەڵ ئەوەی لەنێوانمان زۆر کێشەی کۆمەڵایەتی ڕوویداوە ، هەتا ئەگاتە رادەیەك بەگەکانی تورك باپیری ئێمە لەرێگای دەعوەتکردنیەوە لەگەڵ گەورەکانی گوند بەشێوەیەکی وەحشیگەرانە دەکوژن، کەناوی(عەبدی ئاغا) بووە، لەراستیشدا پێشتر بە بنەماڵەی ئێمە دەگوت(حوسنێ ئۆجێ) بەڵام کاتێك یاسای نازناو لە تورکیا دەرچوو ، فەرمانبەرەکان هاتن و گوتیان بیکەن بە(ئۆجەلان) باشترە، هەروەها ئێمە خەڵکی گوندی(عەماران)ی سەربە قەزای(خەلفەت) لە پارێزگای ئورفەین.

***وەك لە کتێبی "داستانی ژیانەوە" هاتووە، دایکی بەرێزتان کەسایەتیێکی زۆر توندبووە لەگەڵ ئێوە، دەتوانی باسی ئەوکاتی منداڵی خۆت و دایکت بکەی؟**

عوسمان ئۆجەلان: دایکی ئێمە ژنێکی سەربڵندو ئازا بوو، قەت زوڵمی قەبوڵ نەدەکرد، ناهەقیشی بەرامبەر کەس نەدەکرد، زۆر ئامۆژگاری دەکردین و دیگوت:"عاقڵ بن، ئەفەندی بن، رێك و پێك بن و لەکەس نەدەن، کەسێك شەقێکی لێدان پێویستە ئێوە دوو شەقی لێبدەنەوە، ئەگەر ئەمە جێبەجێ نەکەن لێناگەرێم بێنە

ماڵەوە نانیشـتان نادەمێ، ئێوە ناهەقی بکەن لەکەس من سـزاتان دەدەم، تەعویز نەدەنەوە کەس، ئەگەر کەسـێك دووچای لەماڵی ئێوە نەخواردبێتـەوە نەچن چایەك لەماڵی بخۆنەوە"، بۆ منو سـەرۆك ئاپۆو محمدیش وابوو، ئەوە فەلسەفەی ژیانی ئەو بوو، لەگوندا ژنو پیاو حەسابیان بۆ دەکرد.

***باوکتانیش بەهەمان شێوەی دایکتان بوو، یاخود کەسایەتییێکی جیاوازتر بوو ؟**

عوسمـان ئۆجـەلان: باوکمان کەسـێکی زۆر هـەژارو عاقڵ بوو، وەك ئـەم ریکـۆردەرە وابوو هەرچـی بۆی وترابوایـە بۆ چەندان سـاڵان قەت لەبیری نەدەکرد، ئەو یەك شتی لە ئێمە دەخواست کە ناعەدالەتـی نەکەینو دەیگوت:" من مرۆڤێکی زۆر هەژاربووم، براو مامو ئامۆزایەکانم زوڵمیان لێکردم، ئێوە وەك من نەبن." زۆر سەیرە هەمـوو دایكو باوکێك دەخوازێت منداڵەکانی وەك خۆی بێت، بەڵام باوکی ئێمە دەیویست وەك ئەو نەبین.

*** وەك سـەرۆك ئاپـۆ، تۆ کەسـێکی ئاینی بوویـت، یاخود لە ناوەراستەکەی دابوویت؟**

عوسمان ئۆجەلان: باوکمان موسـڵمانێکی تەواو بوو، درواسێکانمان جارناجـار شـکاتیان لێدەکردین کـە باوکی ئێمە بەشـەوو رۆژ بە دەنگێکـی گەورە خوای دەپەرسـت، چونکـە گوێیەکانی گران بوون، ئەوەی لـە ماڵی ئێمەدا لە ژێرکاریگەری ئایـنی نەبووە من بوویمەو لەتەمەنی خۆمدا سێ سـاڵان بەرۆژوو بوومەو سێ جارانیش نوێژم کـردووەو زیاترم نەکـردووە، ئینسـانێکی دینـی نەبوویمە. بەڵام عەبـدوڵا ئۆجەلانی برام بەهۆی باوکمـەوە لەژێرکاریگەری ئاینیدا بوو ، لەگەڵ ئەوەی بە سـەعیدی نورسـی کاریگەر بوو، کە لەشاری ئۆرفـە کۆچـی دوایی کردبوو، دواتـر دەوڵەتی تـورك جەنازەکەی ونکرد، هەتا قۆناغی ناوەندی عەبدوڵا هەروابوو، هەروەها محەمەدی برام ئەویش نوێژی نەدەکرد.

*** تـۆ وەك گەنجێك لە رووی سیاسـیەوە کاریگەری بیری ئاپۆت لەسەر بوو ؟**

عوسمـان ئۆجەلان: لەسـەرەتای گەنجێتیمدا عەبـدوڵا ئۆجەلان، خەباتی سیاسی دەکردو لەگەڵ سیاسیەکان هاتووچۆی هەبوو، لەناو ماڵی ئێمەدا گفتوگـۆ هەبوون، منیش گەنج بووم بە شۆرشـگێرانی تورکیاو لە ١٩٧٢و١٩٧٣ کە بەسـەرکردایەتی (دەنیز گەلمیش) کەدواتر لەسێدارەدراو لەدوایشدا بە شۆرشی ئەیلول کاریگەر بووم، بەڵام ئەو کاتی لەدەوڵـەت قاچاخ بووم. ئاپۆ دەسـتی بەخەباتکرد منیش بێ دوودڵی دەستم بەکاری سیاسی کرد.

***چۆن لە ئاپۆچێتی دەروانی؟**

عوسمان ئۆجەلان: سـەرۆك ئاپـۆ لەهەموو ئیشو کاری خۆیدا زۆر جـدی بـوو، کاتێ لە گونـد بووین، دەچووین بـۆ پاڵە لە ئێمە زیرەکتر بوو، مێشـکێکی زۆر بەرفراوانی هەبوو، واتا سوپەر زیرەك بوو، دەشیگوت ئیشـێك دەکەم دەبێ ١٠٠٪ سەرکەوێت، شکست لەلای ئۆجەلان نەبوو، رۆحو ژیانی ئەو گشتی بۆ سەرکەوتنە، قەبوڵکردنی ئاپۆچیەتی لای هەرکەسـێك دەبێ ئەو تایبەتمەندیەی هەبێو دەبێ هەر سەربکەوێ، لەسەرەتای خەباتدا تا ئێستا ئاپۆچیەت بۆتە ژیانی هەموو کەسێك.

***تـۆ وەك برای ئۆجەلانی گەورە، هەتا کۆنسـەی سـەرۆکایەتی پەکەکەش هەستتان بەوە نەدەکرد کە زۆر گەورە کراوە ؟**

عوسمـان ئۆجەلان: لەکاتی دروسـتبوونی پەکەکـەو لە کۆنگرەی ١٩٨٢ سەرکردایەتی پەکەکە قەبوڵیان نەکرد ببنە ئەندامی ناوەندی حیزبو ووتیان:"ئاپۆ چ بلێت ئێمە وادەکەین" بۆیە سـەرکردایەتی لەپەکەکـە دروسـتنەبوو، سـەرۆکایەتی دروسـت بـوو، ناهەقیان بەرامبـەر ئاپۆ کرد ئاپۆیـان زۆر مەزنکرد، لە سـنووری مرۆڤێکی سروشـتیان بـردە دەرەوە، ئەمـەش وایکرد لە شـۆرش ئاپۆ ببێتە ئامانجی هەموو هێزەکانی دونیا.




***واتا گەورەکردنی ئاپۆ زەرەر بوو؟**

عوسمان ئۆجەلان: بەڵێ لە ئەنجامدا زەرەر بوو.

***چەند ساڵە ماڵی خۆتت نەدیووە؟**

عوسمـان ئۆجەلان: ئێسـتا بیسـتو حەوت سـاڵە لە مـاڵی خۆم دوورم، یەك جار خوشـکی گەورەی خۆم (حەوا خان)دیووە، ئەمەش لەکاتێکدا بوو، کە لە پەکەکە جیابوومەوە.

***کاتێ کە لە پەکەکە جیابوویتەوە، ئاپۆی برات کاریگەری هەبوو بەسەر پەیوەندیەکانی تۆ لەگەڵ خوشك‌و براکانت؟**

عوسمان ئۆجەلان: پەکەکە لە پارتێکی سیاسیەوە بۆتە تەریقەتێکی دینی، کاتێ کە تۆ جیابوویتەوە، تۆ خائینی‌و دوێنێش قارەمانی بوویت، سەرۆك ئاپۆ زۆر پەیامی خراپی بۆ من ناردن وەڵامم نەدایەوە، چونکە مافی برایەتی‌و هەڤاڵی هەیە، سی ساڵان من گوتمە:"بژی سەرۆك ئاپۆ" قسەکانی ئەو لەسەر ماڵی ئێمە کاریگەری هەبوو، لەسەر خوشك‌و براکانم لەگەڵمدا نینەو لێم زویرن، بەڵام خوشکی گەورەم حەوا خان لەگەڵمن‌و ئاپۆ دانوستاندنی باشی هەیە.

*** پەیوەندیت لەگەڵ محەمەدی برات چۆنە؟**

عوسمان ئۆجەلان: محەمەدی برام تۆزێك بەدوای بەرژەوەندی شەخسی خۆیدا دەگەڕێت، چونکە ئاپۆ بەهێزە لەگەڵ ئەودایە.

***سی ساڵ لەناو پەکەکە دابوویت، بۆچی دەستبەرداری بوویت تەنیا لە پێناوی پێك هێنانی ژیانی هاوسەریدا؟**

عوسمان ئۆجەلان: پەکەکە وەك پارتێکی فیدایی دروستبوو، ئەوەی دەهاتە ناو پەکەکە دەبوا هەموو شەرتەکانی قەبوڵ بێت، ماڵ، باوك‌و دایك نیە، یەکێ لەدواکارییەکانی ئێمە ریفۆرمی کۆمەڵایەتی بوو، کاتێ موراد قەرەیلان لە ٢٠٠٢ چووە ئەڵمانیا لەگەڵ نوێنەری ئەو وڵاتە کۆبووەوە، گوتبووی: " زۆر گۆرانکاریمان کردووە" ئەوانیش پێیان گوتبوو:"ژیانی شەخسی لەنێو ئێوەدا هەیە" موراد قەرەیلان گوتبووی: " نا" ئەوانیش لەوەڵامدا دەڵێن:"گۆڕانی چیتان کردووە ژیانی شەخسی‌و مافی مرۆڤ نەبێت کەی ئەمە گۆڕانە؟!"

***تورکیا لەڕێگای ژنەوە کارێکی وای نەکردووە سوکایەتی بە پەکەکە بکات، کەژنێکی زۆر لە ناو پەکەکەدا گەریلان؟**

عوسمان ئۆجەلان: فیداکاریەکانی هەرە زۆری ناو پەکەکە ژن کردوویەتی، دەتوانم بڵێم ئەگەر پەکەکە گۆڕانکاری گەورەی کردبێت لە کوردستان‌و ناوچەکە ژنی گەریلا کردوویەتی، لەو رووە پشتگیری پەکەکە دەکەم ژنی پەکەکە خزمەتی



**پاش ئەوەی هاتمە کورستانی باشور کۆنسەی سەرۆکایەتی پەکەکە هەڕەشەیان لێدەکردم تا وام لێهات لە هاوینی ٢٠٠٥ جەڵتەی دڵ لێیدام**

زۆری کردووە، ژیانی زۆر زەحمەتی قەبوڵکردووە، هەتا دوژمن (تورکیا) نەیتوانیووە بەکاریبهێنێت.

*** بۆچی تا ئێستا پێ لەسەرۆك ئاپۆ نانێیت؟**

عوسمان ئۆجەلان: ئەز ئێستا سێ سەرۆکان قەبوڵ دەکەم، سەرۆك مام جەلال، سەرۆك مەسعود بارزانی‌و سەرۆك ئاپۆ، لە دەرەجەی یەکەمدا ئەو سێ سەرۆکەی گەورەی کوردم قەبوڵە، (مام جەلال) یش لە سیاسەتدا بەحرە، کاك مەسعودیش لەئیرادەی نەتەوەیی تەمسیل دەکات، لە رووی ئایدۆلۆژییەوە ئاپۆ بەهێزە. من مافی برایەتی‌و هەڤاڵایەتیم هەیەو ناتوانم قسەی پێ بڵێم، ئەو هەقەم نییە، بەڵام مافی ڕەخنەگرتنم هەیە لێی.

***ماڵی باوکی هاوسەرەکەت لە ئێران کێشەیان بۆ دروست نەکردوویت؟**

عوسمان ئۆجەلان: هاوسەرەکەم خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستانە، ئێران پێی خۆش نەبوو هاوسەرگیری بکەم، بۆیە لە رۆژی ٢٠٠٦/٧/١٩ خەزوورەکەمیان کە ناوی(ئیسماعیل)بوو شەهیدکرد. زۆر کێشەکەیان بۆ دروستکردم.

***ئێستا سەرۆك ئاپۆ لە زیندان دایە، کێ بە شیاو دەزانی بۆ شوێنەکەی ئەو، واتا بۆ سەرۆکایەتی کردنی پەکەکە؟**

عوسمان ئۆجەلان: لەم دوو هەفتەیەی دواییدا لە ئاخاوتنێکی خۆیدا دەڵێت: " ئەز ناتوانم سیاسەتێکی عەمەلی بکەم، بەڵکو رەوشی ژیانی من موساعەدە ناکات، پێویستە شۆڕش سەرۆکایەتی پەکەکە بکات، هەر سەرۆکێکی پەکەکە پێویستە رۆژانە چل قەرار و رێنمایی بدات، هەروەها گوتبووی: ناتوانم لەرووی پراکتیکی سەرکردایەتی پەکەکە بکەم ، بەڵام دەتوانم فکری خۆم بدەمە پەکەکە، هەتا چوار ساڵ پێش ئێستا کە ئەوکاتی لە شاخ بووم قەبوڵیان نەکرد، لە کاتێکدا ئەوە بڕیاری ئاپۆ بوو، من گوتم:"پێویستە سەرۆك ئاپۆ ببێتە سەرۆکێکی ئایدیۆلۆژی" ئەو بیری خۆی لەرێگای پارێزەران(ئەوقاتان) بداتە پەکەکەو بۆمانی بەرێبکات، پێویستیشە سەرۆکایەتییێکی عەمەلی پێك بهێنین.

*** ئەو کاتەی لە شاخ بوویت کە دایکت مرد، هەستت بەچی کرد؟**

عوسمان ئۆجەلان: ئەوکاتەی دایکم مرد من لە زەڵێ بووم، لەنێوان ئێمەو بەرەی کوردستانی شەڕ دروستببوو، من پەیمانی ئاشتیم لەگەڵ حکومەتی هەرێم مۆردەکرد لە ساڵی ١٩٩٢ ئەوکاتە سەرۆک فواد مەعسوم سەرۆکی حکومەتی هەرێم بوو، کۆتایی بەشەڕهات، ئەو شەوەی وەفاتی کرد تا بەیانی خەو نەچووە چاوانم، هەتا بەیانی نەخەوتم، بۆبەیانییەکەی لە رۆژنامەکانی تورکیاوە زانیم کە بەتەواوی کۆچی دوایی کردووە، پانزە ساڵ بوو نەمدیتبوو، زۆر ئازارم چێشت، ئەوکاتی هەواڵی ئەوەم بۆ هات کە لەناو هەموو کورو کچەکانی زۆر داوای منی کردبوو، زۆر پرسیاری منی کردبوو، کاتێ پێش ئەوەی گیان لەدەستبدات خوشکی گەورەمان (حەوا خان) لەلای بوو پێی وتبوو زۆر ئاگاتان لە عوسمان بێت.

***ئەو سزایانە کە لە پەکەکە بەسەرتدا سەپێنراوە، تا چەند عادیلانە بوونە؟**

عوسمان ئۆجەلان: من لە ساڵی ١٩٩٣ داوای ریفۆرمم دەکردو من ووتم سۆڤییەت نەماوە ئەمریکا سەرۆکی جیهانە، با پەیوەندیمان لەگەڵ یەکێتی ئەوروپا ببەستین، پەیوەندیمان لەگەڵ سوریا و ئێران هەبێت. با چیتر شەڕی ناوخۆیی هێزە سیاسیەکانی تر نەکەین، من ئەوکاتیو پێشتریش لەگەڵ (کاک کۆسرەتو مستەفاچاوەرەش) لەسەر ئاوی (لۆلانێ) دانیشتین بۆئەوەی شەڕی ناوخۆ رابگرین، ووتم با شەڕی یەکێتیو پارتی نەکەین‌و پەیمانێکی نەتەوەیی دروست بکەین‌و خەتی سوریشمان هەبێت لەنێواندا.پەکەکە هێزەکانی تری کوردستانی هەمووی بە دوژمنی خۆی دەزانی گۆتیان عوسمان ئۆجەلان کرێگرتەی مام جەلال‌و کاک مەسعودە، زیندانی کرام، دەمێکی زۆر ئازارم کێشا سێ مانگ لە ژووری ئینفرادی بووم، دواتر ئیعدامم بۆ دەرچوو، لە زستانی ١٩٩٥دا داداگای پەکەکە پێکهات‌و بریاری ئیعدامی بۆدەرکردم، ئەگەر لە بیروباوەری خۆم پەشیمان نەبمەوە بکوژرێم، تا لە ١٩٩٧ بریاری لەسێدارەدانم لەسەر هەڵگیرا.

***نازناوی فەرهاد ئۆجەلان لە چیەوە هاتووە؟**

عوسمان ئۆجەلان: فەرهاد ناوی هەڤاڵێکی شۆڕشگێڕ بوو، لە ١٩٨٢ لە زیندان خۆی شەهید کرد زۆر پێی کاریگەر بووم، ناوی خۆم کرد بە فەرهاد ئۆجەلان، پێشتریش ناوم هەر عوسمان بوو.

***ئەوکاتانەی لە پشوودایت خۆت بەچییەوە سەرقاڵ دەکەیت؟**

عوسمان ئۆجەلان: ئەوکاتانەی بەتاڵن خەریکی خوێندنەوەم، لەلایەکی تریش لەهەوڵی نووسینی کتێبێکم بەناوی(تراژیدیای نوێی کورد).

*** پەیوەندیت چۆنە لەگەڵ سەرکردە کوردەکان؟**

عوسمان ئۆجەلان: حورمەتی تایبەتیم هەیە بۆ مام جەلال، مام جەلال بەسیاسەتمەدارێکی گەورە دەزانم بۆ گەلی کورد، زۆر بە پێویستی دەزانم کە ئەو خزمەتە دەکات، کاک مەسعود لە ئیرادەی نەتەوەیی خزمەت بکات، من پشتگیر ئەوان دەکەم، بۆ ئەوەی کێشەیان بۆ دروست نەبێت ، لەوکاتە مام جەلال بۆتە سەرۆک کۆمار کە دووساڵ زیاترو کاک مەسعودیش پێش ئەوەی ببێتە سەرۆکی هەرێم داوای بینینی ئەوانم نەکردووە، زۆریش شانازی دەکەم کە مام جەلال وەک سەرۆکێکی کورد دەبینم.



***چەند ساڵە خۆشەویستیت لەگەڵ خێزانەکەت کردووە؟**

عوسمان ئۆجەلان: خۆشەویستی نێوانمان، نزیکەی ساڵێک بوو، من نەمدەویست بیشارمەوە، ئەمز کەسێک بووم لە سەرکردایەتی شۆڕشدا، ئەگەر من شتێکی نهێنی بشارمەوە هەموو کەس بیزانێت ئەوا بۆمن بێ ئەخلاقییە، پاش چوار مانگ خۆشەویستی لەناو شۆڕشدابووین، ئەو کاتەی ئاشکرا بووین ٦ تا ٧ مانگ لەناو شۆڕشدابووین، پەیوەندی سێکسیمان نەبوو، تەنیا قسەکردن‌و سوعبەتمان هەبوو.

*** خێزانەکەی تۆ وەک گەریلایەک پاسەوانی تایبەتیت بوو؟**

عوسمان ئۆجەلان: لە ناو پەکەکەدا گەریلای شەخسی نیە، سیستەمی پەکەکە وایە کارێک بەرێوەدەبات بۆیە مەسئولیەت هاوبەشە، گەریلای شەخسی من نەبوو، گەریلای کۆنسەی سەرۆکایەتی پەکەکە بوو.

*** پاش ئەوەی ژیانی هاوسەریت پێکهێنا ئاسوودەی؟**

عوسمان ئۆجەلان: ناتوانم بڵێم ئاسودەم، بەڵکو هەموو رۆژ خەبەر دەدرێت هەڤاڵ شەهید بوون، شەهید بوونی هەر گەریلایەک بۆ من ئازارە لە شاخیش بووم هەر وابووم پاش ئەوەی هاتمە کورستانی باشور کۆنسەی سەرۆکایەتی پەکەکە، هەرەشەیان لێدەکردم تا وام لێهات لە هاوینی ٢٠٠٥ توشی نەخۆشی جەڵتەی دڵ بووم.

***کاتی خۆی گەریلایەک دەیویست بگەرێتەوە ماڵی خۆی ئەگەر**

**لەتەمەنی خۆمدا سێ ساڵان بەرۆژوو بوومەو سێ جارانیش نوێژم کردووەو زیاترم نەکردووە**



**بگیرایە ئەوا دەتان کوشت، یاخود بۆئەوەی دەوروبەرەکەی پێ بترسێنن، ئەوکاتیش جەنابت لەسەرکردایەتی پەکەکە بوون و هەڵوێستت چ بوو؟**

عوسمان ئۆجەلان: لە ناو شۆرشدا ئەمە کارێکی هەڵەبوو ، من بەتەواوی دژی کوشتنی هەر گەریلایەك بووم، ئەگەر بەدەست من بووایە بەو کەسانەم دەگوت کاکە برۆن بەڵام دوژمنایەتیمان مەکە، وەك باسی ریفۆرمم بۆ کردی، یەك لە خاڵەکان ئەوەبوو کە بەشداربوون‌و جوادبوونەوە لە پەکەکە مافە.

***بەڵام دیتنی گەریلاش یاساخ بوو، بۆ وەك حزبێکی ئاسایی هەڵسوکەوتتان نەدەکرد؟**

عوسمان ئۆجەلان: لەلای من وانەبوو، ماڵبات دەهات ئازادبوون کورەکانی خۆیان ببینن، هەتا لەبیرکردنەوەش ئازادبوون چ بڵێن، من لە دژی کوشتن‌و قەدەغەکردن بووم. خەباتی زۆرم کرد بۆئەوەی بەتەواوی کوشتن رابگیرێت.

***ئێستا ئەم دیاردەیە لەناو پەکەکە راوەستایە ؟**

عوسمان ئۆجەلان: ناتوانین بڵێین راوەستایە، لە شوێنێك بۆ شوێنێکی تر بەردەوامی هەیە، بەڵام مادام ئێمە دەمانەوێت لەسێدارەدان بۆ سەرۆك جێبەجێ نەکرێت، با لەناو ئێمەش نەمێنێت.

***جیاوازی هەیە لەنێوان گەریلاکانی باکورو باشور، تۆش ئەوکاتی ئەو جیاوازیانەت دەکرد؟**

عوسمان ئۆجەلان: ئەز لەسەرکردایەتی بووم بۆ یەکسانی، خەڵکی باشوری کوردستانم لەگەڵ بووە، جیاوازیم نەکردووە لەگەڵ هی بەشەکانی تر، وەك مستەفا قەرەسۆ کە کوردی نازانێت لەگەڵ کوردێکی باشورو رۆژهەڵات چۆن هەڵسوکەوت دەکات. بۆنموونە: رۆژێکیان کۆمەڵێك گەریلا لە رێگایەکی زۆر دوور و درێژهاتبوون‌و زۆریش ماندوونبوون، دەچنە لای "دوران کاڵکان" ئەو بۆماوەی چوار سەعات بەتورکی قسەیان بۆ دەکات، دوایی پێیان دەڵێت تێگەیشتن؟ یەکێك لەگەریلاکانیش دەڵێت هەڤاڵ عەباس ئەمانە کوردی باشوورن، چۆن لەتورکی دەگەن؟ دورانیش دەڵێت "پێویستە تورکی فێرببن". سەرکردایەتی پەکەکە زۆرینەی کوردی نازانێت، وەك مستەفا قەرەسۆو عەلی حەیدەر قەیتان‌و دوران کالکان.

***منداڵەکانت ناویان چیە؟**

عوسمان ئۆجەلان: هی گەورەیان ناوی فوراتە من زۆر حەزم دەکرد ناوی عەبدوڵا بێت، برازاکە جێی عەبدوڵا ئۆجەلان بگرێتەوە، پاشان من ناوی عەرەبیم زۆر پێ خۆش نیە، ناوی فوراتم نا کە کوردیەو مانای(فرەهات) کوری دووەمیشم ناوی(وڵات)ە، کە مانای خاك دەگەیەنێت.

*** ئەگەر باکوری کوردستان ئازدکرا پێت خۆشە چ پۆستێك وەربگری؟**

عوسمان ئۆجەلان: دەخوازم لە باکور سیاسەت بکەم، کە بەشی هەرە گەورەی کوردستانەو خەڵك دەمناسێت، پارتێکی بەراست دیموکرات ئاوا بکەم، لەگەڵ خەباتکردن بۆ سیستەمێکی فیدراڵ بۆ تورکیا کە باکوری کوردستان بەشێك بێت لێی.